
# به داریوش ی ئەعزەم قەسەم

نامەی کۆچبەرێکی کورد بۆ خۆشەویستەکەی



کۆکردنەوە و بڵاو کردنەوە: ئازاد کەریمی

بە بڕیاری: ماجید نووری

١٤ی ئۆکتۆبەر ٢٠٢٣

خوێنەری هێژا!

ئەم بابەتەم ساڵی ٢٠٢٢ لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەمدا بڵاو کردەوە.

دواتر کاناڵی تەلەڤیزیونی " ڕووداو" لە هەولێر، داوای لە کاک ماجید نووری کردبوو ئەم بابەتە بڵاو بکەنەوە. ئەویش لە سوێدەوە تەلەفونی بۆ کردم و پرسی پێکردم. منیش وەڵامم داوە ئەوە پرسی ناوێ و من قەرزداری ڕووداوم، پێم خۆشە منیش قەرەبوویان بکەمەوە.

ئەوە بوو ڕووداو ئەرکی کێشا و ئەم بابەتەی بڵاو کردەوە. دیارە من دەقە فارسیەکەم پێشتر ناردبوو بۆ کوردیپێدیا و ئەوانیش بڵاویان وەکردبوو.

ئێستا بیرم کردەوە باش وایە ئەم دەقە کوردییە بنێرم بۆ کوردیپێدیا ولەوێ ئارشیف بکرێ.

با ئەوەش بڵێم ئەم بابەتە هەروەها بە دەنگی شاهۆ ئەمین پێشکەشکار و ڕۆژنامەوانی کورد لە کاناڵی ڕووداو تۆمار کراوە و ئێوەش ئەتوانن گوێی لێبگرن.

٢٦ی ئاپریل ٢٠٢٤

چەند رۆژێکە برا و هاوڕێی ئازیزم کاک ماجید نووری ئەم نووسراوەی بۆ بەڕێکردووم، بەڕاستی دڵتەنگم...

ئەم نووسراوە بریتییە لە نامەی کوڕە لاوێکی کوردی خەڵکی سلێمانی لە باشووری کوردستان، ئەوە ئێستا بۆ 27 بۆ 28 ساڵ دەچێت شوێن بزرە، راستیەکەی کوژراوە و هێشتا تەرمەکەی دیار نییە، بەڵام جلوبەرگە خوێناویەکەی لە دوا بەجێماوە، وا دیارە کوشتوویانە و جلوبەرگیان لە بەری داناوە و پاشان خستوویانەتە دەریای یۆنانەوە.

چیرۆکێکی خەمبار و تراژیک، ئێستا ئەگەر ئەو گەنجە زیندوو بووایە، تەمەنی نزیکەی 50 ساڵ دەبوو یان کەمتر، ژن و منداڵی دەبوو، ژیانی خۆی دەژیا و دایک و خوشکەکەیشی ئەزیەتبار و بێچارە نەدەبوون، دەسگیرانەکەشی ژنی ئەو بوو، نەک ژنی کەسێکی دیکە.

ناوی کەسەکان نەنووسراون و لەباتی ناویان پارانتێز دانراوە. من، ناوەکان نازانم، کاک ماجید وای بۆ بەڕێکردووم و ناوەکان وەك نامەکە لای ئەو پارێزراون.

دەسگیرانەکەی کاروان مێردی کردووە و منداڵی گەورەی هەیە.

" کاروان" ناوی خاوەنی ئەم نامەیەیە، وا ئێستا لێرەدا بڵاودەکرێتەوە. بۆ یەکەمجارە ئەم نامەیە بڵاودەکرێتەوە. تەنیا کاروان و ماجید نووری و من، تائێستا ئەم نامەمان بینیوە، بەڵام بە بڕیاری کاک ماجید لەلایەن منەوە بڵاودەکرێتەوە و ئێوەش دەیبینن.

سوپاسی کاک ماجید دەکەم وا ئەم شانازییە و دڵتەنگییەی بە من بەخشی، بۆ ئەوەی نامەی جوانەمەرگ کاک کاروان بڵاوبکەمەوە.

کاروان گوێگر و لایەنگری دەنگی هونەرمەندی فارسیزمان "داریوش ئیقبالی"یە، داریوش گۆرانیبێژێکی هەرە بەناوبانگی ئێرانە و دۆستی کورد و کوردستانە، بە بنەچە تورک و بۆ ماوەیەک لە شەستەکاندا لە سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە.

داریوش هێمای سەرکەشیی گەنجانە بوو. کاروانی سەرکەش بۆیە داریوشی خۆشدەویست و سوێندی پێدەخوارد و ناسناوی (اعظم)ـی خستبووە پاڵ ناوەکەیەوە.

کاروان لە سلێمانی سەرتاش، هونەرمەند و شانۆکار بوو، کوردێکی ڕەسەن بوو، نیشتمانپەروەر و ئازیز بوو، ئەویندار بوو، کچێکی خۆشدەویست بە ئەوینێکی ئاسمانیی و پاکەوە، خوشک و دایکی خۆی زۆر خۆشدەویست، هاوڕێکانیشی زۆر خۆش دەویست، ئەوەندە هاوڕێکەی خۆشدەویست، کە خوشکەکەی خۆی پێدا و کردی بە زاوای خۆی.

بەداخەوە کێبڕکێ سیاسییەکان و دوژمنایەتیکردنی سێ کوچکەی ئەهریمەن واتە؛ ئێران، تورکیا و عێراق و ئاژاوە و قاتوقڕییان خستنە نێو شارەکانی باشوور، فەرهەنگێکی خراپی لە باشووری کوردستاندا دروست کرد: شەڕە قسە و شەڕە جوێن و دەستەویەخەبوون، وای لێهات برا لە برا بوورا.

تیرۆری رووناکبیران، سەرهەڵدانی دیاردەی بە تورکمانکردن بۆ ڕۆن، برنج و ئارد، هەروەها دروستکردنی حوسەینییە لەملا و لەولا و کڕینی خەڵکی ماڵهەژار بە پوول بۆ کوشتنی نەیاران، سەرەڕای ئەوانەش، هەر مەپرسن!

پاشان لەشکرکێشیی تورک، عەرەب و عەجەم بۆ نێو خاکی پاکی کوردستان، ئیتر...

لاوی کورد تەنگی پێهەڵچنرا، بەردی نا سەر دڵی خۆی و کۆچی کرد، هەبوو گەییشت، هەشبوو وەک کاروان بە موراد نەگەیشت و تێداچوو.

راپەڕین، ئازادی و بەدبەختیشی هێنا. کاروان و کەسانی وەک ئەو، لە ڕیزی بەدبەختەکاندا بوون.

بەنیازم دەقی فارسیی ئەم یاداشتەش بڵاوبکەمەوە. لەبەر ڕێز بۆ کاروان و خۆشەویستەکەی و بۆ داریوش ئیقبالیی ئازیز.

کاکە کاروانی جوانەمەرگ ڕۆحی شاد بێت. هیوادارم کۆمەڵگەی کوردی فێری ئەوە ببێت؛ بیر و بیروڕاکانی بە ئەندێشە و تێبینییەوە هەڵبگرێت و، سەری خۆی و سەرکردە و ڕووناکبیرەکانی بە هەڵەهەڵ و پەلەپرووزێ بڕیاردان تێدا نەبات.

گیانی مرۆڤ بەڕێزە؛ لە هەموو شت بەڕێزترە، خودا، خاک، نیشتمان، دین، ئاڵا و بایەخەکان هەر هەموویان لە دوای ئافراندنی مرۆڤدا ڕەنگی چەمک و دیاردەیان بەخۆوەگرت، مرۆڤ مێشکی خستەکار و هەموو شتی پێناسە کرد.

با ئیتر کاروانەکان نەمرن، بۆ هیچ شت کاروانەکان نەدرێن بە کوشت.

بێگانە کە هات بۆ داگیرکاری، ئەگەر خەڵک خۆی بە کوشت نەدا ئەوە خیانەتە.

بەداخەوە بۆ ئەوەی وا سنوورشکێن نەبوو، دیوارچن هات و ڕۆیی!

||| ||| |||

## دەقی نامەکەی کاروان

لەو ئەفسانەی دڵی دێوانەیەمدا... چاوەکانی تۆ ڕەنگێکی نەویستراویان تێدا بوو. ئەزانم بە خوێندنەوەی ئەم نامەیەم، ڕەنگە چاوەکانت گریان لێ ببارێت، یان رقت لێم بێتەوە. ئەشزانم پێم ئەڵێی ئیتر هەر ئاوان پیاوانی کورد! هەروا مەغرور و بێ وەفان لە ئاست دولبەرانیاندا. لە گەرمەی گۆڕینەوەی هەست و سۆزی شیریندا بڕیاری دوورکەوتنەوە لە دولبەریان بە مێشکدا دێت؛ خۆپەرستانە بەرەو دوور دەڕۆن، دوور لە نیشتمان سەفەر دەکەن، کاتێك ئەگەڕێنەوە نیشتمانیش، سەرێك لە دولبەریان نادەن.

بە داریوشی ئەعزەم قەسەم!

ئەو داریوشەی وا تووشی غوربەتی رۆحیی و ناسینەوەی وشەی غوربەتی کردم، ئەو داریوشەی جوانی چاوانی تۆی پێ ناساندم، هیچ گومانم لەو چرکەساتە دلۆڤانیانە نەبوون و نین کە لەگەڵ تۆی شیریندا بە سەرم بردوون، لەم زەمانەدا کە شەڕە پەڕۆو شەڕەڕەنگ، خوێن لە جەستەی خەڵکی

دەهێنن، هەموو رەنگەکانی سروشت لە تۆدا ئاڵێنراون، گومانم لەو رۆژگارە رەشانەی دەوروبەری تۆ و خۆم هەیە کە لە رووی هۆشیارییەوە چ دەرد و پەتایەکن بۆ شار و خەڵکی شارەکەم.

من رۆژانە کە سەری خەڵکم دەتاشی، بیرم لە شتێك دەکردەوە، ئاخۆ بن توێخی ئەم سەرانە زیاتر سیخناخن بە هۆشیاری یان هەست و سۆزی کوێرانەی خۆشەویستی یان چین؟ تۆش هەمیشە پێت دەوتم: کاروانە سەرشێت! دوای هۆشیاری بکەوە، دوای من مەکەوە، کەچی منیش هەناسەیەکی گەرمی تۆ، هەمیشە سەرمەستی دەکردم و کۆنترۆڵی ئاوەزی خۆم لە دەست هۆشیاریمدا نەدەما.

بە داریوشی ئەعزەم قەسەم!

ئەو داریوشەی وا ترسی بۆ هێناوم نەگەینە ساڵی دوو هەزار و تەفروتونا بین لە بێ ویژدانی و لە بێ ئیحساسیدا.

ئا لەو رۆژەی لە ژێر پلیکانەکانی ماڵی پوورە (... )دا، بۆ یەکەمجار ماچی لێوە شەرابیەکانی تۆم تێدا کرد، هەرچی شەرابی دنیایە بەسەر هۆشیاریمدا رژاون.

کاتێك لەگەڵ ( ...)ـی خوشکمدا داوەتی (... ) کرابووین بۆ کۆڕە شیعرەکەی "هیوا قادر"، لە بیرمە هیوا وتی: ئەمشەو شیعرم وەك فەقیانەکەی دایە وایە، تاکو نەگریم ناکرێتەوە.

لەو رۆژەوە لە فەقیانەکەی (...) ئەڕوانم و لەبەرخۆمەوە ئەڵێم "تۆ بڵێی لەبری عانە و چووکلێت ئەو تاڵە قژانەی سەری تۆی تێدا هەڵبگرم، کە لە ناو ئەو نامانەدا وا بۆمنت دەناردن، تا بۆنی رێحانەی دایکم و بۆنی عەترە ژنانەیەکەی تۆ لەوێدا بمێننەوە و، بە گریانێکی پڕ لە غوربەتەوە رۆژێك بێمەوەو بۆم بکرێنەوە؟"

من، نكوڵی لە هەستی زاڵمانەی خۆم ناكەم كە تۆ و دایكم و (....)ـی خوشكم بەجێدێڵم، گەر بەخت یاوەرت بوو كوڕێكی باشت ناسی بۆنی منی لێهات و هەستت كرد سۆزێكی بۆ تۆ هەیە، دوودڵ مەبە و خۆشەویستیی لەگەڵدا بكە، خوا دەزانێت ڕەنگە منیش بكەومە داوی چاو سەوزێكەوە و تۆم لە یاد بەرێتەوە!

ماجیدی برادەرم دەیوت "دووری و تووڕەیی بەردەوام و دڵپیسی، هەر سێ دەردە گەورەكەی كوشتنی هەست و سۆزی خۆشەویستین"، یەكەم و دووەم لەنێوان من و تۆدا هەبوون و بێ مانایانە شەڕمان پێكەوە دەكرد و وەك (جیكڵ و فیكڵمان) لێ هاتبوو و وا سێهەمیشی دێتە سەر.

ڕەنگە لەگەڵ "پیرەمێرد"ـی شاعیر و "مەولانای نەقشبەندی" و "نالی"دا، چوار قۆڵی ڕۆژێك خۆمان بكەینەوە بە گەڕەكی چوارباخدا و، هەریەكەمان بەسەر درەختێكی تووی ئەوشارەوە شیعرێك بۆ بێ وەفاییمان لە بەرانبەر دولبەر بنووسینەوە.

ئەو كات تۆش دێیت و پێم دەڵێیت "نەفرەت لەو داریوش"ـەی وا بە گۆرانییەكانی تۆی تووشی غوربەت كرد و بەهاری سەوزی عومری ئێمەی گەیاندە پاییز!

بەڵام (...) گیان، بۆ ئەوەی تووشی ڕۆژگارێك نەبم ئازاری كەسێكی تێدا بدەم، وا ئەم سەفەرەم كرد، بۆ ئەوەی كەسی دیكە چیتر ئازاری ڕۆحم نەدات لە هیچ و خۆڕا وا ئەم سەفەرەم كرد، بۆ ئەوەی چیتر(....)ـی ئامۆزات هەڕەشەم لێ نەكات و هەرپێم نەڵێ (....) كۆیلەكە،!"

ئەم سەفەرەم كرد بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بدۆزمەوە، تا دنیاش بە باشتر بناسم.

وا ئەم سەفەرەم كرد، ئەگەر چوویتە لای دوكانەكەی مامە قادر، بزانە بنێشتی "بۆبی" لێ ماوە؟ ئەگەرمابوو، وێنەكانی بۆبی كۆبكەرەوە و بیدە بە منداڵێك كە حەزی لەو وێنانەی بنێشتی بۆبی بێت، بۆ ئەوەی رقم لەو شارە نەبێتەوە كە تۆی دلۆڤانی تێدایت.

ئێستا من دەڕۆم و نازانم کەی و چۆن دێمەوە، ناشمەوێت چاوەڕێی ساڵانێکی دوور و درێژی هاتن و نەهاتنەوەم بێت.

سەرەڕۆم بەڵێ!

ئەمجارە بە قسەی تۆ دەکەم و بە هۆشیارییەوە دەڕۆم !

ناشزانم بە سۆزدارییەوە دەگەڕێمەوە لات یان نا؟!

چاوانی دایە (...)، خاتوو(....) و (....) گیان ماچ دەکەم.

ئامانە و ئامان دڵەکان سینەیەکیان هەیە لە بەرد

لە دڵی شەودا چاوی مەلوولت بەسەردەرگاوە هەڵمەخە

من ئاگرێك بووم و ئێستا خۆڵەمێش

لە دووری نیشتمان چیتر باکم نییە

خۆشەویستە سەرەڕۆکەت

بازگر- ٩ـی ئابی ١٩٩٥

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/14102023?fbclid=IwZXh0bgNhZW0CMTEAAR0YEH_Ms2zqikQCyJ_PgwESlRNPIWk2dOU9SYQfSiq6KBaAJF1M_iABji4_aem_AcXaTtQqhzrBz9CBWT3XyIGQbEnp2ilpEAJm7XtbABaJ4HUo68t05M5jaed9wmSqAqzOH-UAATCfnbKxs1g36czL